گۆڤاری کوردناسی ژماره 2 بەهاری 2007
پێتەر فۆن پۆلنێتس

# وشەی بێگانە، وشەی وەرگیراو لە روانگەی زمانناسییەوە

رەحیم بەهرامزادە لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

*" زمانی بە هێز وشەی بێگانە ناداتە دواوە، بەڵکوو هەڵیدەلووشێ "*
*(گۆتە)*

لە لێکۆڵنەوە و شیکردنەوەی مێژووی زمانی ئاڵمانیدا وەرگرتنی وشە و ناوەرۆکی واتایی وشە گشت کات جێگای سەرنج بووە. چوونکی پێک‌هاتن و پەرەسەندنی زمانێکی کولتوری ئورووپایی تەنیا بە پێوەندی و تەئسیر وەرگرتنی زمانە جیاوازەکان لە یەکتری مومکینە و بەشی زۆریشی هەر ئەم تێکەڵبوونە پێکی‌دێنێت. لە کتێبی " مێژووی وشەی ئاڵمانی "دا کە " فرانس ماوڕەر " و " فرانس شترۆ " نووسیویانە، ئەم بابەتە لە وەرگرتنی وشەی کۆنی رۆمی (لاتین)ەوە هەتا ئانگلۆئەمریکانی هاوچەرخ بە وردی باسکراوە.
وەرگرتن و سڕینەوەی وشەی بێگانە گشت‌کات بابەتی کێشە و دەمەقاڵەی لایەنگران و نەیارانی بووە. لایەنگرانی وشە وەرگرتن لە زمانەکانی دیکەوە زاراوەی " وشە وەرگتن "یان بەکاردەهێنا، بەڵام لایەنەکەی دی باسی " وشەی بێگانە "ی دەکرد. مەبەستی هەردوولاش یەک بوو.
ئەم تێرمە ئێستاش لە ئاڵمان هۆی سەرلێ‌شێواوییە و مانای روونی نییە. ئەوەش لەبەر دژایەتی کردنی سەدان ساڵە لەگەڵ وشەی بێگانە، کە زۆر کەس بە ئەرکی سەرەکی خۆیانی دەزانی. ئەم دژایەتییە لە زۆر کات و شوێندا دەبوو بە بناخەی هاوبیری سیاسی و بەری لێکۆڵینەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕای بە شێوەیەکی زمانەوانی دەگرت.
ماوەی سی ساڵە، لە ئاڵمان، کەس باسی خاوێن‌کردنەوەی زمانی ئاڵمانی ناکات. ئەگەر لەملاولاش کرابێ، ئەوە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە. بێ وەڵام دانەوەی هۆی ئەم سی ساڵ بێدەنگییە ناکرێ لەسەر چۆنیەتی پاراستنی زمان بە شێوەی زمانەوانی زانستی ساغ بینەوە.
وا باشە پێش روونکردنەوەی کێشەی " وشەی بێگانە/وشەی وەرگیراو " چاوێک بە مێژوودا بخشێنین. ئەوانەی خوازیاری نەهێشتنی وشەی بێگانەن، لەلایەن نەیارانینەوە، ناوی "پوریست"یان لێنراوە. بەو جولانەوەیەش دەگوترێ "پوریسم" .
ئەم جولانەوەش بە پێی هەلومەرجی سیاسی پەرەی دەسەند. چالاکی پوریستەکان پێوەندی راستەوخۆی بە ناسیۆنالیسمەوە هەبوو. ئەم دیاردەیە لە ئاڵمان و وڵاتانی دیکە وەک یەک بوو. دوای شەڕی سی ساڵە، تێکشکانی ناپلیۆن و لەناوچوونی شێوەی دەسەڵاتدارییەکەی، دامەزرانی رایش لە 1871 و داگیرسانی ئاوری شەڕی یەکەمی جیهانی دژایەتی لەگەڵ تەئسیری زمانی بێگانە بەتوندی پەرەی‌سەند. هۆی ئەمەش ئەوە بوو زمانی ئاڵمانی لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە تا سەدەی 18ی زایینی لە ژێر تەئسیری زمانی لاتین و فەرانسی‌دا بوو. ئەمیش بە تایبەت لە روانگەی زمانکۆمەڵناسییەوە (sprachsoziologisch Sociolinguistics/).
هاندەری سەرەکی بۆ سڕینەوەی وشەی بێگانە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ناسیۆنالیسم بوو. هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەشنێک دێمۆکراسی، توێژی بورژوازی گچکە چێ‌بوو. ئەوانی سەر بەم توێژە کۆمەڵایەتیە دژایەتی تایبەتیان لەگەڵ تەئسیری زمانی بێگانە لەسەر زمانی ئاڵمانی دەکرد. پێشیان وابوو تا ئەوکات زانیاری تەنیا بۆ ئەوانی بانی کۆمەڵ بووە و ئێستاش لە رێگای زمانی بێگانەوە ئەم بەشە تایبەتییەی خۆیان دەپارێزن.
لە هەڵومەرجێکی وەهادا کۆمەڵەی گشتی زمانی ئاڵمانی ساڵی 1885 دەستی بەکار کرد. ئەرکی سەرەکی ئەم کۆمەڵەیە دانانی وشەی ئاڵمانی لە جێی وشەی بێگانە بوو. ئەویش لەبەر ئەو دوو هۆیەی پێشتر باسکرا. کۆمەڵەکە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم زۆر سەرکەوتوو بوو و تاڕادەیەکی زۆر وشەگەلی گشتی زمانی ئاڵمانی گۆڕی.

لە بەرئەوەی ئەم دیاردەیە راستەوخۆ شوێنی لەسەر ژیانی خەڵکی دادەنا، دەمەقاڵەی پوریست و دژی پوریستەکان هەر پەرەی دەسەند. سەرەتا زۆر نووسەر و زانای ئاڵمانی دژی راونانی وشەی بێگانە بوون و بەتوندی بە دژ ئەم دیاردەیەدا دەهاتنەوە. گێرمانیستیکەکانی زانستگا بیر و باوەڕی جیاوازیان لەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵەی گشتی هەبوو. زمانەوانی وەک فریدڕیش کلووگە و ئۆتۆ بێهاگل پشتیوانیان لێدەکرد. ئەدیبی وەک ئێریش شمیدت وگوستاف رۆیتە بە هەموو توانایانەوە دژایەتییان دەکرد. " ئیدوارد ئێنگل " ی نووسەر دەستی کرد بەدژایەتی لەگەڵ ئەو شتەی خۆی ناوی نابوو " کاوێژی روناکبیران ". بەتایبەت دژی رۆیتە و لە سەردەمی شەڕی یەکەم و پاش شەڕەکەش. ئیدوارد ئێنگل سیمبۆلی شۆڤینیسمی پوریسم بوو. تەنانەت نازییەکانیش لەو بوارەدا لەم هێدی و هێمنتر بوون. ئەم باسی پیسبوونی زمانی ئاڵمانی بە هۆی وشەی بێگانەوە دەکرد. پێشی وابوو مەترسی لەنێوچوونی زمانەکە هەیە. هەروەها پێی وابوو بەکار هێنانی وشەی بێگانە سووکایەتی بەو زمانەیە کە ئەو بەجوانترین زمانی دەزانی. بە بۆچوونی ئێنگل دیاردەی بەکارهێنانی وشەی بێگانە وەک نەخۆشی شێرپەنجە بەلەشی زمانەکەوەیە. ئێنگل بەکارهێنانی وشەی بێگانەی وەک خەیانەتی مەعنەوی دەنرخاند. تەنانەت دەشیگووت ئەگەر نەتەوەی ئاڵمان تەنیا بە ئاڵمانی بپەیوێ دەتوانێ وەک گەلێکی ئاغا بمێنێتەوە و پەرە بە ئاغایەتییەکەشی بدا.

ئەم بۆچوونانە تایبەتمەندی کاتی قەیسەر ویلهێلم بوون. پاشان چەشنێک هێدی بوونەوە هاتە ئاراوە و باسی پێویستبوونی وشەی بێگانە لە زمانی ئاڵمانیدا دەکرا. بەڵگەی ئەوانی وەها دەیانڕوانییە کێشەکە ئەمە بوو، کە بۆ تێگەیشتن لە نەتەوەکانی تر و ئاڵوگۆری کولتوری وشەی بێگانە زۆر پێویستە. بەڵام نووسەرانی گۆڤاری زمانی دایکی دیسان هەر لەسەر نەریتی خۆیان بوون و تەنانەت پێشیان لێهەڵدێناوە. هەرچەندە نووسراوەکانی ئەو سەردەمەی گۆڤارەکە زۆر لە هی ئیدوارد ئێنگل هێدی و هێمنتر بوون. بۆچوونی ئێنگل شۆڤینیسمی بێ ئەملاوئەولا بوو. سەرکردەکانی کۆمەڵەی گشتی زمانی ئاڵمانی تەنانەت هێرشیان دەکردە سەر هیتلێر و سەرۆکەکانی دیکەی نازی، کە لە وتار و نووسینەکانیاندا زۆر وشەی بێگانە هەیە. ئەم کۆمەڵەیە لە نامەیەکدا کە بۆ هیتلێری نووسیبوو داوای لێ کردبوو وشەگەلی *پرۆپاگاندا، ئۆرگانیزاسیۆن، گارانت، ئاویزیرن، کۆنسێنترانسیۆنس‌لاگەر* و *سترێلیزاسیۆن* (هەموویان بێگانەن) بە کارنەهێنن. لە رستەیەکی نامەکەدا هاتبوو:" ئەم پێشنیارە بۆ ئەوەیە خەڵکی ئاڵمان باشتر لە سەرۆک و بیرو باوەڕەکانی بگا ". تۆ بڵێی نووسەرانی نامەکە ئەوەندە ساویلکە بووبێتن و نەیانزانیبێ، سەرکردەکانی نازی وشەی بێگانەیان دەخزاندە نێو وتاری خۆیانەوە هەتا خەڵکی ئاسایی تێیاننەگەن. مەبەستی سەرەکی ئەو نامەیە پشتیوانی لە ناسیۆنال‌سۆسیالیسم بوو. نووسەرانی نامەکە و رێڕەوانی ئەو رێگایە پێیان‌وابوو بە هاتنە سەرکاری رژێمێکی راستی توندڕەو خەونی رۆمانتیکی " بەئاڵمانیکردن " (Verdeutschung) وەدی دێ.

رەخنەی ئەم ساویلکانە لە ساڵانی 1934و 1935 دا بەرپەرچ درایەوە. ئەمەش بەفیتی دوو زمانەوانەوە کە بەکارهێنانی وشەی بێگانەیان لە لایەن هیتلێرەوە پینە دەکرد و دەیانگوت ئەو کارەی هیتلێر زۆر بلیمەتانەیە. یەک لە وانە ئارتور هوبنەر بوو و دەیگووت: " سەرۆک بەزمانی دوژمن دەدوێ و ئەمەش بۆ لەناوبردنیان پێویستە". بۆیەش هیتلێر بە زمانی مارکسیسم و دێمۆکراسی پارلەمەنتاری بە کورتی بە ئاڵمانییەک لە گەڵیان دەدوێ کە بە وشەی بێگانە ئالودە کراوە. هاوکارەکەی دیکەی هوبنەر، ئاڵفرێد گووتەرێس، دەیگووت لە پشت ئەو شێوە دووانەی سەرۆک بیری بەرزی فەرمانڕەوایانە نووستووە.

پاش ئەم پاکانەیە بۆ نازییەکان کۆمەلەکە هەڵیکوتایەوە سەر وشەی بێگانە سڕینەوە. چالاکییەکەشی فراوانتر بوو بەتایبەت دوای ئەوەی رودۆلف بووتمان بوو بەسەرۆکی کۆمەڵەکە، کە خۆی نازییەکی کۆن بوو. یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵە بەم کارزارەی دژی وشەی بێگانەی دەگووت SA ی زمانی ئاڵمانی. ئەئەندامانی کۆمەڵە دەستیان بە نووسین و ناردنی نامە بۆ دایرە، دادگا، ناوەندی رۆژنامە، رادیۆ و شوێنی دیکە کرد و داوایان لێدەکردن لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە خۆبپارێزن و بە زمانی ساکار بنووسن بۆ ئەوەی خەڵک باشتریان تێبگا. هەر وەها خوازیاری ئەوە بوون ئەوانەی لە ناوەندی رۆژنامە و رادیۆ کاردەکەن و وشەی بێگانە بەکار دێنن ئاگادار بکرێنەوە واز لەم کارە بێنن و ئەگینا لە سەر کاریان لابەن. کاڵای لە ئاڵمان دروستکراو دەبێ ناوی ئاڵمانی لێبنرایە. ئەو تابڵۆیانەی وشەی بێگانەیان هەبوو دەبوو بهاتایانە گۆڕین. کارتی رێستورانەکان، کە نێوی خواردنی

بێگانەیان تێدا نووسرابوو هەر بەم دەردە چوون. ناوی تێئاتر، هۆتیل، شەقام و گۆڕەپانەکان دەبوو ئاڵمانی بن. بۆ بە جێهێنانی ئەم ئەرکە و زۆر کاری دیکە کۆمەڵەکە راوێژکار و رێنوێن بوو، بێ ئەوەی پارە وەربگرێت.

ئەم بانگەوازە پێشوازی زۆری لێکرا . لە وانی مەزنی نازییەکان گۆرینگ، فریک و دادەر پشتیوانییان لە شالاوی بە ئاڵمانی کردن (Verdeutschung) دەکرد. لە نێو مرۆڤی ئاکادێمیش‌دا پشتیوانی لەم جوولانەوەیە دەکرا و زۆر بانگەواز لە گۆڤاری زمانی دایکیدا بڵاو دەکرایەوە. بە تایبەت ئالفرید گۆتس دەیەویست زمانی زانستی خاوێن کاتەوە. ئێدوار ئێنگل بە توندی پشتیوانی لێ دەکرد. بەڵام لەم بووارەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوون. پوریستەکان دەستیان بەکارێکی دیکە کرد. تا ساڵی 1936 دژایەتی لە گەڵ وشەی بێگانە بەو بیانووە دەکرا، گوایە ئەمە نیشانەی ژێردەسەڵاتی و ژێرچەپۆکە بوونی رابردووە. بە تایبەت دژایەتی لە گەڵ وشەی یۆنانی کۆن، لاتین و فەڕانسە سەری هەڵدایەوە. یۆنانی و لاتین زمانی دوو زلهێزی کولتوری کۆنی یۆنان و رۆم بوون. دوای پەسەندکردنی یاسای رەگەز ساڵی 1936 کە بە یاسای نوڕنبێرگ نێو بانگی دەرکرد، جوولانەوەی پوریستی، بە راشکاوی، بوو بە جوولانەوەیەکی رەگەزپەرستانە و دژی جوولەکە.

ئەم ئاورەی دوواییش ئاڵفرێد گۆتس بە هۆی لێکۆڵینەوە لە وشەی بێگانە کردییەوە . ئەمەش بە وشەی kess (قۆشمە) کە ئەوکات لە بێرلین لەسەر زاران بوو و لە ییدی وەرگیرابوو دەستی پێکرا. گۆتس هاواری دەکرد و دەیکوت، لە ئاڵمانیدا وشەی بێگانە زۆر بەکار دێ، شوکر بۆ خۆدا کە ئێستە دەزانین گێرمانین. چۆن دەبێ وشەیەکی سووکی ئەوتۆ لە ئاڵمانیدا هەبێ. بە ئاماژە بە زۆر وشەی لەم چەشنە دەیگۆت چۆن دەبێ ئاڵمانییەک بە زمانی گێتۆ بدوێ. دژایەتی گۆتس لەتەک ئەو وشانە نەک لەبەر مانای سووکیان، بەڵکوو لەبەر نەئاڵمانی بوونیاندا بوو. بۆ یەکەم جار زمانەوانێک دژایەتی لەتەک وشەی بە بیانووی ناشیرین بوونیانەوە دەست پێکرد، کە لە نێو کۆمەڵانی ئاساییدا زۆر باو بوون بەڵام کەس بیری لە بێگانە بوونیان نەدەکردەو. دوای Judenemanzipation (ئەو ئازادییانەی دوای ساڵی 1776 بە جووەکان درا) ئەو ئاڵمانی‌یانەی بە رەچەڵەک جوو بوون بە ییدی(Jiddisch) لەتەک یەکدا دەپەیوین. ئەو وشانە زۆرتر لە سەدەی 18 و 19 دا هاتبوونە ئاڵمانییەوە و زۆر جاریش مانایان لەگەڵ مانای ئەسڵی جیاواز بوو. هەڵەی فیلۆلۆگەکانی ئەوکات کە زماناسییان هەر بە ریشە ناسینی وشە (ئێتمۆلۆگی) دەزانی، واتە هەر ئەوەندە بەسە بزانی وشەیەک ئاڵمانییە یان نا، بە بێ لە بەرچاوگرتنی واتای لە کاتی هاوچەرخدا، هەروەها بێ لە بەرچاونەگرتنی کۆمەڵزمانناسی ئەنجامێکی سیاسی ئەوتۆی هەبوو کە ئێمە ئێستاش دەبێ لە باری زمانناسییەوە بە ئێحتیاتەوە بجولێینەوە. هەڵەی گۆتس لەم بوارەدا مۆری خۆی لە سەر گۆڤاری Sprachvereinzeitschrift دانا. زۆربەی ئەوانەی بابەتیان بۆ گۆڤارەکە دەنووسی لاسایی ئەمیان دەکردەوە و مەبەستیان راونانی وشەی بێگانە بوو. هەروەها والتێر لیندن (دەرهێنەری گۆڤاری Deutschkunde و نووسەری زۆر بابەتی دژی جوولەکە) دەیگووت ئەو وشانەی لە ئۆرووپای رۆژئاوا و لە زمانی جوولەکەوە هاتوونەتە نێو ئاڵمانییەوە زمانەکە لەبەر یەک هەڵدەوەشێنن. ساڵی 1937 لە شتوتگارت بڕیار درا پاراستنی زمان وەک ئەرکێکی رەگەزایەتی چاوی لێبکرێ. بەیانی ژومارە یەک، کە لە راستیدا وتاریک بوو کە ئێدوارد گایسلەر لە کۆبوونەوەکەدا خوێندبوویەوە، کرا بە مانیفێستی پاراستنی زمانی ئاڵمانی وبێ پارە بڵاو دەکرایەوە.

لەم نووسراوەیەدا بە هێرشکردنە سەر نووسەرانی وەک تۆماس مان، فۆیشتوانگەر، فرانس وێرفل و شتێفان تسوایگ، کە هەموویان بە رەچەڵەک جوو بوون، هەوڵ درابوو چۆنیەتی لەبەریەکترازانی زمانی ئاڵمانی روون بکرێتەوە. پێشی وابوو تەنێا وەرگرتنی وشە لە باکوور، ئاڵمانی لەم گێژاوە رزگار دەکا و ئاڵمانی دەبێتەوە زمانێکی سەر بەخۆ. ئەمەی ئێستە پێی دەڵێن ئاڵمانی " ئەزەلەزە "ی جووەکانە.

لەو کەین‌وبەینەدا شتێک ئاشکرا بوو، کە بووە هۆی ئابڕووچوونێکی گەورە و ئێتر نەدەکرا دژایەتی لەتەک وشەی بێگانە و جوولەکە هاوکات بەڕێوەبچێ. ئەوەش ئەو راستییە بوو کە داهێنەری دژایەتی لە گەڵ وشەی بێگانە و ئەوەی تەنیا زمانی لەم روانگەیەوە هەڵدەسەنگاند و هەڵگری ئالای پوریسمی نازییەکان، ئێدوارد ئێنگل بە جوو دەرچوو. ئەم راستییە بووە هۆی بادانەوەی کۆمەڵەی پاراستنی زمانی ئاڵمانی. لەوە بەولاوە هەرکەسێک دژی بەکارهێنانی وشەی بیگانە بووایە بە جوو بوون تاوانبار دەکرا. لە بابەتێکدا کە گۆڤاری کۆمەڵەکە بڵاوی کردبووەوە

نووسراوه ئەمە زۆر هەڵەیە هەر لەوە بکۆڵینەوە فلان وشە لە کوێوە هاتووە. ئەم ریسواییە تا رادەیەکی زۆر لە خۆشەویستی کۆمەڵەکەی لە نێو خەڵکی کەم کردەوە، بە تایبەت لە 1937 بەم لاوە. گۆبلس وەزیری پرو پاگاندای نازی لە یەکی ئەیاری 1937 دا بە راشکاوی هێرشی کردە سەر پوریستەکان. ئەم هەڵوێستە روونە وای کرد کۆمەڵەکە لە کۆبوونەوەیەکدا راگەیەنێت، زۆر کەس پێیان وایە ئەرکی سەرەکی ئێمە سڕینەوەی وشەی بێگانەیە، ئەمە راست نییە و ئەگەر کەسێک وا لەبارەی ئێمەوە بیر بکاتەوە دیارە تێمان نەگەییوە. سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی زمانی ئاڵمانی ئەمەشی گووت ئەوەی راست بێ ئێمە لەگەڵ ئەو " ئاڵمانی بازاڕی "ـە نین و بە پێوانەی نیشتمانپەروەریشی نازانین. ئیتر دژایەتی لەتەک وشەی بێگانە هەر لە کەمی بوو ونووسەری بابەتەکان لە گۆڤارەکەدا زۆر هێدی و هێمنتر هەڵسوکەوتییان لە گەڵ ئەم دیاردەیە دەکرد. تەنانەت لەملاوئەولا دەگوترا وشەی بێگانەش بۆی هەیە بژی. لەو سەردەمەدا هێزەکانی سپای ئاڵمان زۆر وڵاتی ئورووپایان داگیر کردبوو و ئێستە باسی زمانی ئاڵمانی و ئەرکی زمانەکە لە ناوچەیەکی فرەنەتەوەییدا دەکرا. بە پێی بڕیارێکی هیتلێر لە نۆزدەی نوامبری 1940 سڕینەوەی وشەی بێگانە قەدەخە کرا. ئەمەش بە دەست هێزێکی سیاسی کە چاوەڕوانی لێ دەکرا پشتیوانی لەم رەوتە بکا.

ئیتر پێویست ناکا باسی پاشماوەی مێژووی خاوێنکردنەوەی زمانی ئاڵمانی بکەین. ئەو کۆمەڵەی پاش ساڵی 1945 بۆ پاراستنی زمانی ئاڵمانی دامەزرا و گۆڤاری زمانی دایکی، ئەرکی دیکەیان وە ئەستۆ گرتووە. بە تایبەت کێشەی زمان لە بواری تێکنیکی دا، لە کارە سەرەکییەکانیان بوو.

هۆی ئەوەی زانایانی زمانی ئاڵمانی و هۆگرەکانی ئەم زمانە کەوتنە داوی هیستڕی ئاڵمانی بازاڕییەوە تەنیا لە شێوەی بەهەڵەروانین بۆ سەر زمان لەم وڵاتەدا دەبینرێتەوە. هەڵەی کارەساتسازی سڕینەوەی وشەی بێگانە و راوچییەکانی بە شێوەی سەرەکی تێنەگەیشتن لە واقیعیەتی زمان و پێوەندی ئەمانە لەتەک زمانەکەی خۆیان بوو. چوونکی کادرە سیاسییەکان زۆر واقیعبینانەتر لە گەڵ رووداوەکان مامەڵەیان دەکرد، جوولانەوەی پوریسمیان پێ فشە بوو و زمانیان بەوە دەزانی کە ئەوکات خەڵکی پێێ دەپەیوین و دێماگۆگیش (خەڵکخەڵەتاندن) هەر بەم دەکرا. ئەوانی خەونیان بە خاوێنکردنەوەی زمانەوە دەبینی نەیاندەزانی کە وشە و شێوەی بە کارهێنانی هەر ئێستە و لێرە بایەخی هەیە. ئەمە تەنانەت لە باری کۆمەڵزمانسیشەوە راستە.

زمان بۆ ناسیۆنالیستەکان ئامرازی تێگەیشتن نییە، بەڵکوو بتێکی نەتەوایەتییە. بە خۆنواندن و شانازییەوە رێزی بۆ دادەنێن و گشت کاتیش دەبێ بۆ ئیسباتی رەسەن بوونی لە سەنگی مەحەکی بدەن. ئەمەش لەتەک ئەو مەبەستەی زمان بۆی بەدیهاتووە زۆر بێگانەیە. زۆر لەوانەی دەیانەوێ زمان خاوێن کەنەوە و رەخنەگرانی زمان، کە پێیان وایە دەبێ زمان بپارێزن مەترسییەکە لەوانەدا دەبینن کە بەزمانەکە دەدوێن (هەر گەلێک خەریکی لە ناوبردنی زمانی خۆیەتی) . ئەمانە زمان بە ئوستورەیەکی پیرۆز دەزانن و پێشیان وایە ئەرکی مرۆڤ خزمەت بەمە. لەکاتێکدا زمان دەبێ خزمەتی مرۆڤ بکا و وەک کەرسەیەک بۆ لەیەک تێگەیشتن لە خزمەتیدا بێ.

ئەوانی مەبەستیان خاوێنکردنەوی زمان بوو خوویان بەوە گرتبوو لە ڕیشەی وشە بکۆڵنەوە. ئەمەش هەر لە بەر ناسیۆنالیسم و دژایەتی لە گەڵ وشەی بێگانە نەبوو، تەنانەت وەک عەوام لە زمان روانینش دەوری نەدەبینی. ئەوی لەم بوارەدا نەزان بێ، بیر لەوە ناکاتەوە فلان وشە لە کوێوە هاتووە و ناشزانێ ئێتمۆلۆگی چییە. بەڵام دیسان دەبێ لە خۆ بپرسین هۆی رابوون و دامرکانی پوریسم چی بوو. ئەم جوولانەوەیە لە دەرەوە نەهاتبوو و هێزێکی سیاسیش بەسەر خەڵکیدا نەسەپاندبوو. هۆی سەرەکی روانینی هەڵە بۆسەر زمان و کولتور بوو. ئەم روانینە وەک ئایدۆلۆجی ومێتود وا بوو. جا بۆیەش پێویست ناکا لە روانگەی سیاسیەوە لێی بکۆڵینەوە. هەروەها وە دووکەوتنی کوێرانەی کاتی نازی و ژێرچەپۆکەبوونیش بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. هەر چەندە چاوپۆشی لە رۆڵی نێگاتیڤی نازییەکانیش ناکرێ.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ چۆن بوو زانایانی بواری زمانەوانی کەوتنە داوی پوریستەکانەوە و لە سەرەتای دەسەڵات وەرگرتنی نازییەکاندا کەفیان هەڵدەخڕاند. هەر چەندە ئەمانە ئەرکی سەرشانیان بوو وەک زانا بە گژی ئەم دیاردەیەدا بچن. زۆر لە گێرمانیست و مامۆستایانی خوێندنی باڵا، دژی ئەم دیاردەیە راوەستان. هەر نەبێ بێدەنگ بوون و تەئیدیان نەکرد. هۆی وەدووکەوتنی ئەمانە تەنیا لە هەلومەرجی سیاسی ئەوکاتدا نابینرێتەوە. ئێمەش بۆمان نییە ئەوانەی بۆ رزگارکردنی ژیانیان لاسایی ئەم مۆدەیان کردبێتەوە بە نەحلەت بکەین. هۆی سەرەکی روانینی

تیئۆریک و مێتۆدیکی ئەکات بوو، کە بناخەی ئەم هەڵەیەی دارشت. ئەوەش بووە هۆی دروست بوونی چەشنێک زانیاری جلّف و گۆڕینی واقیعیەتی مێژوویی. ئەم بەناو دۆستانی زمان ئەوانە بوون، کە بە لانیکەم خوێندنی ناوەندییان تەواو کردبوو و هەرنەبێ ئاشنایەتیەکیان لە گەڵ فیلۆلۆگی سوننەتی ئاڵمان هەبوو. کە وابوو ئەمە بەرهەمی چەشنێک زانیاری قەڵبکراو لەناو جەماوەردا بوو. واتە دیاردەیەکی کولتوریکۆمەڵایەتی کە ریشەی لە سیستەمی پەروەردەی ئاڵمانی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو.

زانستی زمانی ئالمانی بەشێکە لە هێندو گێرمانیستیک ( هێند و ئورووپایی ) کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە بواری لێکۆڵینەوە لە زماندا لە دنیادا نموونە بوو. ناوەندی کۆڕی زمانەوانان لایپزیک بوو و بەڕێوەبەرانیش بە " گراماتیکەرە لاوەکان " نێو بانگیان دەرکردبوو. بەرهەمی زەحمەتیان لە بواری فۆنێتیک، دەنگ، فۆرمناسی، ئێتمۆلۆگی، لێکۆڵینەوەی بەرلە مێژوو، مێژووی کۆن و خزمایەتی و پێوەندی زمانەکان و روانینی زمانناسانە بۆسەر تێکست ئەوەندە بەسەمەر بوو، کە ئێستەش زمانەوانان نانی رەنجی ئەوان دەخۆن و لە داهاتووشدا هەر مەمنونیان دەبن. بەڵام نەک بەو شێوەی لە ئاڵمان باوە و کارەکانیان وەک شتێکی پیرۆز چاو لێدەکرێ. لە سەردەمی ئەواندا روون کرایەوە، ئەوەندە بەس نییە بە دیاکرۆنی چەند بەشێک لە زمان و وشەی تەریک بخەیە بەر لێکۆڵینەوە.

ئەو کات مێتۆدی نوێ لە بواری رۆمانیستیک و گێرمانیستیک بینرایەوە. بەتایبەت زانایان گەیشتنە ئەو ئاکامە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانێکی زیندوو پێویستە بایەخی زۆرتر بە پێوەندی لایەنی کۆمەڵناسی و ستراکتەری زمانەکە بدرێ. بناخەی پتەو و فرەلایەنەی تێئوری زمانناسی و مێتۆدی پێویست بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی هاوکات لە لایەن زمانەوانی سویسی فێردیناند دێ سەسوڕ ( Ferdinand de Saussure) دارێژرا. ئەویش لەو سێمینار و وتارانەی لە زانستگەی ژنێڤ پێشکەشی کرد و پاشان وەک کتێبێک بڵاو بووەوە. ناوبراویش لە لایپزیک خوێندبووی. لە کاتێکدا بەرهەمەکەی لە زۆر جێگا نێوبانگی دەرکردبوو و لەو مێتۆدی زمانەوانییەی دایهێنابوو کەڵک وەردەگیرا، لای گێرمانیستیکی ئاڵمان زۆر نەناسراو بوو. بەرهەمەکەی پاش مردنی چاپ کرا و ساڵی 1931 کرایە ئاڵمانی. لە ئاڵمان چاپی یەکەمی هەتا ساڵی 1966 بە تەواوی نەفرۆشرا. لە گرنگترین کتێبی زمانەوانی ئاڵمان بە نێوی Deutsche Philologie im Aufriss بابەتێک لەژێر ناونیشانی Sprachwissenschaftliche Methodenlehre

لە " لایەن پێتەر وایسگێربەر" ەو نوسراوە کە تەنیا جارێک نێوی دێ سەسوڕ هاتووە. لە بواری لێکسیکۆلۆگی، ئەو بوارەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی وشەی بێگانەش پێویستە، پێش شەڕی دووهەمی جێهانی پێشکەوتی بەر چاوکرا. ئەویش نەک هەر بە شێوەی دیاکرۆنی بەڵکوو مێتۆدی " ستراکتەری- سینکرۆن " یش ،کە وەک گوترا مێتۆدی راستەقینەیە بۆ زمانناسی، بەکار دەهێنرا. دەکرێ لەم بارەوە ئەم ناوانە بێنین " یۆست ترەیەر " نووسەری کتێبی Wortfeldtheorie ، والتێر پرۆتسیگەر نووسەری کتێبی wesenhafte Bedeutungsbeziehung فرانس دۆرنزایفس کتێبی Eintreten für Onomasiologie، فرانس میتسکاس کتێبی onomasiologische Wortgeographie پێتەر وایسگێربەر و وێرنەر بێتس نووسەری کتێبی innere Lehnbeziehungen. جێی سەرەنجە ئەمانە تەنیا دوای شەڕی دووهەم توانیان شوێنی خۆیان بکەنەوە.

لە سییەکانی (سەدەی 20) زۆر لێکۆڵینەوە لە سەر تاکەوشە و ئێتمۆلۆگی باو بوو. لە بواری لێکسۆگرافی، دوو شێوازی

" دیاکرۆنی- ئیزۆلە " دا ئالفرێد گۆتس لە هەموان زانا و شارەزاتر بوو. بۆیەش ئەو کات بە ئەرکی خۆی دەزانی لە گۆڤاری کۆمەڵەی زمانی گشتیدا باسی وشەی بێگانە بژیەنێتەوەوە. ئەویش وەک ئێتمۆلۆگ و مێژووی وشەناس، هەڵوێستی بایەخی زۆری پێ دەدرا. بەڵام گۆتس بەو شێوەیەی خۆی لێێ راهاتبوو جوابی پرسیارەکانی دەداوە. واتە یەکەم پەسیار ئەوە بوو فڵان وشە لە کوێوە هاتووە. بەڵام لە باری زمانناسییەوە دەبێ بپرسرێ بایەخی وشەکە لەو زمانەی وەریگرتووە ئێستا چییە و ئایا لە گەڵ سیستەمی زمانی خانەخوێ دەگونجێ و چۆن دەکری لەتەک وشەگەلی وەک خۆی لەم زمانەدا هەڵسەنگێندرێ. جا با پێشمان ناخۆش بێ بەڵام شێوەی سینکرۆن مێتۆدی راستەقینەی لێکۆڵینەوەیە، کە گۆتسیش زۆر جار بە کاری دێنا. ئەو مێتۆدە بەتایبەت بۆ بەراورد

کردنی بایەخی وشەی بیدی لە ئاڵمانیدا پێویستە. بەڵام گۆتس لە گەڵ ئەم وشانە بە شێوەیەکی رەگەزپەرەستانە دەجوولایەوە و پێی وا بوو دەبێ لە ئاڵمانیدا نەمێنن. کە وا بوو تاوانی ئەم وشانە تەنیا رەچەڵک و رابردوویان بوو. ئەم شیوازە لە کۆکردنەوەی وشە بۆ قامووسەکەشیدا بەدی دەکرێ. وشەی بێگانە لە نێو ئاڵمانی باو، یان ئەو وشانەی بەشێکیان بێگانە بوو کەمتر لە وشەدانەکەیدا هەن. ناوبراو قاموسێکی بە نێوی Das Trübnersche Deutsche Wörterbuch بڵاو کردەوە. بەم کارەی دەیەویست درێژە بە کاری یاکۆب گریم بدا کە ئاواتی سازکردنی قاموسێکی وا بوو کە زۆرترین وشەی ئاڵمانی تێدابێ. کەچی، سەرەڕای بەکارهێنانی سەرچاوەیەکی زۆر، لە بەر بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی نەتەوایەتی و بواردنی زۆر وشەی سەدان ساڵ بوو لە زمانی ئاڵمانیدا بوون و خەڵکی بەکاریان دێنان و تێیاندەگەیین، بوو بە نیوچە قاموس. هەرچەند لە بەر لێکۆڵینەوەی مێژوو و ریشەی وشە و کولتور ئەم کارە زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام چۆن پێشتر باسمانکرد زۆر وشەی خستە بەر غەزەبی ناسیۆنالیسم و بەمەش کارەکەی سەقەت کرد. بۆ وێنە وشەگەلی وەک Gadem, Ganerbe, Gauch, Gebresten, Gelichter, Ger, Gerechtsame, Geschmeide, Gespans, Gevatter, Greif, greinenen, Gundelrebe, کە بە ئەسڵ ئاڵمانین لە وشەگەلی وەرگیراوی وەک Garantie, Garde, Garnitur, Gendarm, Generation, Globus, Glosse, Grammatik, gratulieren, grotesk, Gymnasium (هەموویان وەرگیراون ) پێ گرنگتر بوون دەگەیەنێ: ' لە گەڵ واقیعیەت بێگانەبوون '. ئەمەش بەشێکە لەو شێوە بیرکردنەوەیە کە زمان بە مووزەخانە دەزانێ. ئەم بۆچوونە پوریستییە واقیعیەت نابینێ. ئەم دیاردەیە لە کاری لێکسۆگرافیدا تەنانەت لە قامووسەکەی "گریم" یشدا کەم و زۆر بەدی دەکرێ. بۆیەش دەبێ بۆ زۆر وشەی باو و بۆ زمانی ئاڵمانی نوێ لە بواری کولتور، ئابووری و سیاسیدا گرنگ چاو لە قامووسی وشەی بێگانە بکەین.

ئاڵمان وڵاتێکە کە قاموسی وشەی بێگانەی هەیە ئەوەش نەک لەبەرئەوەی لە زمانی ئێمەدا وشەی بێگانە لە زمانە کولتورییەکانی دیکەدا زۆرترە ، بەڵکوو لە بەر ئەوەی لە وڵاتانی دی ئەم وشانە وەک وشەی وەرگیراو چاویان لێدەکرێ، یان لە قاموسی تایبەتیدا بۆ وێنە مێدیسین بە ناوی " difficult words " ناویان لێ دەبری. لێکسۆگرافەکانی سەردەمی رۆشەنگەری لە وشەی بێگانە نەدەسڵەمینەوە. لە کاتی وازهێنان لە شێوەی سینکرۆن- نۆرماتیو و رووکردنەی شێوازی دیاکرۆنی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، زۆربەی ئەو وشانەی لە دوو سەد ساڵی رابردوودا هاتبوونە نێو زمانەکەوە مۆری " ورەرگیراویان " لێدرا و بەو کارەش جێگایان لە نێو قامووسی ئاڵمانیدا بۆ نەما. " ئاڵمانی " وەک وشەیەکی زمانەوانی زۆر بەرچاوتەنگانە لێکدەدرایەوە.

بە مێژووی روانین (historicism ) لە ئاڵمان پێوەندی بە کۆنسێرواتیسمەوە هەیە. تەنانەت هەر بیرێک یان سیاسەتێکی نوێ بهاتەیەتە ئاڵمان لە پێشدا دەیان پرسی لە کوێوە هاتووە و کێ گوتوویەتی. کە وابوو گشت کاتێک لە " زەمانی ئێستا " لە رابردوودا دەگەڕان. وەک چۆن هەڵە و پڕ مەترسییە بۆ ناسینی کۆمەڵێک رەچەڵەک و رابردووی تاکە کەسەکان بخەینە بەر چاوەدێری، لێکۆڵینەوەی ئاواش هەڵە و بێکەڵکە خەزێنەی وشەی زمانێک تەنیا لەم روانگەوە بخەینە بەر لێکۆڵینەوە، کە رابردوو و ریشەی ئەم وشانە چن و لە سەر ئەم بنەمایە لە وشە بە ناو خۆماڵییەکانیان هەڵیانبوێرین. تەواوی هەڵەی پوریسم لە سەر تێکەڵاوکردن و شێواندنی دوو شێوازی سینکرۆنی و دیاکرۆنی ساغ بووەتەوە. لێکۆڵینەوە لە وشەی بێگانە و وەرگیراو لە لایەک و ئەو وشانەی لە زمانی خۆمان بۆمان بەجێماون لە لایەکی دیکەوە ( هەر دوو لایەنی دیاکرۆنین ) نابێ ببێتە هۆی ئەوەی حوکمی نەمانی وشەی بێگانە لە زمانەکەماندا بدەین. دیاکرۆنی دەقاودەق historicism نییە تەنانەت لە لێکۆڵینەوەی دیاکرۆنیشدا گۆرانکاری دیاردەیەکی ئاساییە و هەر گیز نابێ لەتەک سینکرۆنی تێکەڵ بکرێ.

بۆ لێکۆڵینەو لە مێژوو و زمانی ئاڵمانی پێویستە بزانین کەنگێ، لە کام زمانەوە و لە چ بوارێکدا وشە هاتووەتە زمانەکەوە و چەندی تەئسیر لە سەر کولتور و زمانمان داناوە. بەڵام مێژووی زمان و لێکۆڵینەوە لە زمانی هاوچەرخ دوو شتی جیاوازن. بۆ ئەمی دوایی" زمانی هاوچەرخ " وردبوونەوە لەسەر زمان و کەلێنوکولێنی سەرەکین و هێنانە مەیدانی وشەی بێگانە باسێکی لاوەکییە. ئەمە ئەو پڕێنسیپەیە کە دێ سەسورِ باسی دەکا. لە لێکۆڵینەوە لە زمانی هاوچەرخدا

فاکتەری دیکە گرنگن: رستەناسی، شێوەی بەیان، داڕشتنی زمان و لە هەموو گرنگتر کۆمەڵ-زمانناسی.
ئەو شێوە لێکدانەوەی تا ئێستە باو بووە واتە جیاوازی نێوان وشەی بێگانە و وشەی وەرگیراو، " فۆرمال گراماتیک " تەلەفوز زۆر ناتەواوە. بە پێی ئەم پرەنسیپە وشەگەلی وەک Atlas و Lexikaلە بەر نیشانەی کۆ هەر دووکیان بێگانەن، بەڵام Foliant و Enzyklopädie هەر بەو هۆیە بە ئاڵمانی دەردەچن، کەچی هیچیان ئاڵمانی نین. ئەم کێشەیە (وشەی بێگانە) بە ئاسانی لە رووی دیاردە رواڵەتییەوە چارەسەر ناکرێ. بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی هاوچەرخدا (مەبەست ئەو زمانەیە ئێستە قسەی پێدەکرێ) گرنگ ئەوەیە کێ ئەم وشەیە بەکار دێنی، گوێگرەکەی کێیە، چۆن دەنووسرێ، مەبەست لە بەکارهێنانی چییە، چۆن دەڕازێنرێتەوە و وشەی دەور و بەری کامانەن. بە کورتی وشەی بێگانە چۆن جێی خۆی کردوەتەوە.
پێویستە سەرجەمی وشەی وەرگیراو و بێگانە تەنیا لە رووی بایەخی زمانی ئەمڕۆکەوە بخرێتەوە بەر شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە. ئەمەش بۆ پاراستن و ئاگالێبوونی زمانەکە زۆر پێویستە. دەشبێ هەر لەم روانگەیەوە جێگایان لە زمان وخەزێنەی وشەدا بۆ بکەینەوە. ساڵی 1960 لێئۆ وایسگێربەر یەکەم کەس بوو هەوڵیدا بەشێوەیەی باسکراو جێگای تایبەتی بۆ وشە ببینێتەوە و لەم بارەوە لە گۆڤاری زمانی دایکی بابەتێکی نووسی. یەکەم کەسیش بوو دوای ئەو ماوە دوور و درێژە بێدەنگییەی پاش ریسوا بوون و شکستی پوریستەکان بە شێوەیەکی زانستی هەڵوێستی بەرانبەر کێشەی وشەی بێگانە گرت. بەڵام ئەویش باسی ئەوەی نەکرد چۆن بوو لە ئاڵمان 1937 هەتا 1960 هەموو لەم بارەوە کڕ بوون. مێتۆدی ئەویش تەواو نییە. وایسگێربەر خۆ لە بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو و جیاوازی خستنە نێوان وەرگیراو و بێگانە دەپارێزێ. وایسگێربەر بە دابەشکردنی وشەی کە ریشەی ئاڵمانیان نییە بە سەر ئەو کاتیگۆرییانەدا، *پارەتیدەرە، زەرەری هەیە، رێگرە، جێی پرسیارە، پێویست نییە، بوون و نەبوونی وەک یەکە، زۆر پێویستە، زمانەکە دەوڵەمەند دەکا*، یەکەم کەس بوو بە شیوەیەکی زانستی و ورد لە گەڵ ئەم کێشەیە خەریک بوو. بە تایبەت ئەوەی کە ناوبراو وشەکانی لە رستەدا لە گەڵ وشەی خۆماڵی یان ئەوانەی ئەو خۆی پێشنیاری کردبوون لە جێگای وشەی بێگانە دابنرێن، هەڵدەسەنگاند. دەکرێ بڵێین ئەو یەکەم کەس بوو هەوڵی دا تەڕ و ویشک پێکەوە نەسووتێنێت. ئەمە شێوەی وەڵامی پرسیاری سینکرۆنی دانەوەیە. بەڵام زۆر جاریش هەر دوو مێتۆدی سینکرۆنی و دیاکرۆنی تێکەڵ دەکا. لە زۆر شوێنیشدا هەست بەوە دەکرێ دیسان رێگای چەوتی هەڵبژاردوە. تەجرەبە نیشانی دا چۆن وشە دەتوانێ دەوری کاولگەری ببینێ و ماڵوێرانی لەتەک خۆیا بێنێ. بۆ وێنە وشەگەلی Propaganda, Organisation, Garant, Konzentrationslager, arisieren, Sterilisation, ( وشەی نازییەکان بەکاریان دێنان ) کاتی خۆی چ کارەساتێک بەم وشانە دروستکران و ئەم وشانە دەتوانن دیسان ببنە بەڵا بۆ مرۆڤایەتی. بۆیەش دەبێ بخرێنە نێو لیستی وشەی پڕ مەترسی. زۆربەی خەڵک لە مانای راستەقینەی ئەم وشانە ناگەن. وایسگێربەر نە تەنیا خۆی لەوە دەپارێزی و دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو و پەنا دەبا بۆ کتێبی گڕاماتیکی Schottel کە دەڵی ریشەی لە دەستچوو لە زماندا بە هەموو زێڕی عالەم ناگەڕێتەوە. بۆ وێنە وشەی Onkel و Tante واتە مام و خاڵ کە لە زمانی فەڕانسییەوە هاتوەتە ئاڵمانییەوە و دەیانخاتە یزی وشەی زەرەردارەوە کە جێگای Oheim و Base یان گرتوەتەوە. لە کاتێکدا ئەو دووەی ئاخری نەبزوێنەرن. بۆیەش فەرانسییەکان زوو جێگای خۆیان کردەوە و ئەو دوو ناوە ئاڵمانییەش قەت هەڵنەستانەوە. ئەوی راستبێ فەڕانسییەکان زۆر کاریان ئاسان کردەوە چوونکی Oheim و Base بە هەموو خزمی دوور و نزیک دەکوترا و لە دیالێکتە جیاوازەکاندا نێوی دیکەش هەبوو. وشەکان لە باری ئێتمۆلۆگیشەوە وەک باس‌کرا نەبزوێنەر بوون. جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەم وشانە زەرەر لە کێ یان لە چی دەدەن لە وانی بە زمانەکە دەدوێن، لە سترِاکتەری زمانەکە یان لەوانی زۆر ئابستراکت لە بارەی زمانەوە بیر دەکەنەوە و بە شێوەی دیاکرۆنی لێی دەکۆڵنەوە. بە وەرگرتنی فەرانسی دەرباری و وشەگەلی وەک Dame و هەزاران وشەی لەم چەشنە، زمانەکە زۆر دەوڵەمەندیش بوو. جا نازانم پارێزەرانی زمانی ئاڵمانی چۆنی دەسەلمێنن Onkel و Tante زمانەکەیان لاواز کردوە؟

وایسگێربەر زۆر وشەی بێگانە لە بەر ئەوەی بەری درووست بوونی وشەی خۆماڵی دەگرن بە ڕێگر دەزانی ودەڵی: " هەر بەرهەمێکی پیشەسازی باشترە ناوی نەتەوایەتی لێبنرێ کاڵای فەرانسە فەرانسەوی و ...." . بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ئەم ناوانە بە سەر زمانە جیاوازەکاندا دابەش بن و بەری درووست بوونی نێوی بە روالەت ئانتیک کە ریشەی یۆنانی و لاتینیان هەیە و Pseudoantikیان پێدەوترێ بگێری. لەوانەی ئەمەی دوای رەوا بێ، بەڵام لەتەک زمان و فەلسەفەی بوونی نایەتەوە. زمان مۆزەخانەی مێژوو نییە. ئەوەی کاڵایەکی بەرهەم هێناوە بۆشی هەیە ناوی لێبنێ و لایەنی رێکلامی لە بەر چاو بگرێ، بۆئەوەی زۆرتری لێ بفرۆشی. لێرەدا ئەرکی زمان روونە. وەک باسمان کرد دەبێ زمان جوابی ئەم پێویستییە بداتەوە. لێرەدا فاکتەری کولتوری و زمانکۆمەڵناسی دەور دەبینێ. ئەوە قەڵب کردنی مێژووە ئەگەر ئەو وشە و ناوانەی زانیاران و پیشەسازان سەدان ساڵە لە بەرهەم و کاری خۆیان ناوە لە بەردڵی ئەوانەی خۆیان بە پارێزەرانی زمان دەزانن بێتە گۆرین. زۆریش نارەوایە نێوی Pseudoantik یان لێبنرێ و بایەخیان لە باری زمانەوە کەم بکرێتەو. وەرگرتنی وشە و ستراکتەر و ریشەی وشە لە زمانەکانی دیکەوە دەستکەوتێکی مەزنی گەلانی ئوروپایە، کە نە زەرەر لە ئانتیک دەدا و نە لە مۆدێرن.

بە مێتۆدی historism و بە بێ لە بەرچاوگرتنی کۆمەڵناسی لە زمان روانین، کە تەنانەت لەتەک شێوەی کاری خودی وایسگێربەرش نایەتەوە، رێگایەکی نوێ پیشانی پارێزەرانی زمان نادرێ. پێش ئەوەی بەسوودبوون یا بێکەڵکبوونی وشەیەک بە شێوەی دیاکرۆنی هەڵسەنگێنین دەبێ بۆ خۆمانی روون کەینەوە کە تەنیا مێتۆدی راستەقینە بۆ بایەخی وشە دەبێ سینکرۆنی بێ، واتە بایەخی وشەکە لە زمانی ئەمرۆکە و ئێستاکەدا چییە. لە بیرمانەچی وشەی وەرگیراو لە لایەن خەڵکی وەک یەک بە کارناهێنرێ و زۆرکات مانای جیاوازیشی هەیە و هەندێک جارلەگەڵ مانای ئەو زمانەی لێی وەرگیراوە یەک نییە. باش وایە ئەم جیاوازییانەش لە قامووسدا بنووسرێ. کێشەی مانای جیاوازی یەک وشە نە خەتای زمانی وشەدەر نە هی ئەوەیە وەریگرتوە. ئەمە تەنیا هۆی کۆمەڵایەتی و زمانکۆمەڵناسی هەیە. تەنانەت زۆر وشەی خۆماڵیش لەو واتایەی بە ئەسڵ هەیبوو دوور دەکەوێتەوە. وشەی بە ناو بێگانەش زۆر جار هەر ئەم چارەنووسەی هەیە.

بۆ وێنە ئەو وشانەی لە ئاڵمانیدا بە یارمەتی form- چێدەبن وریشەی لاتینیان هەیە، یان لە فەرانسی و ئینگلیسییەوە وەرگیراون و بە شێوەی نوێ وشەیان لێ درووست کراوە لە سەدەکانی نێوەراستەوە جێگای خۆیان لە نێو زمانەکەدا کردووەتەوە و لەئاخەفتنیشدا بە کاردێن، ئێستاش کارەکتەری وشەی بێگانەیان هەیە و بیسەرانیش تێیاندەگەن. وێنەشیان ئەمانەن pro forma, formaliter. ئەمانە هەموو کەس تێیان دەگا.وشەی واش هەن کە بێژەر دڵنییایە بیسەرەکەی تێیدەگا و بۆیەش بە کاری دێنی. بۆ وێنە یەکێک باسی سەفەری خۆی لە ئەمریکا دەکا و دەڵێ formalities کەی نیو یۆرک ئاسان نەبوو. ئەم وشەیە نە ئاڵمانییە نە وەرگیراو و بۆ وەسفی حاڵەتێکی تایبەتی بە کاردێت. شتی واش هەیە گەلانی دیکە هەیانە و ئێمە ناومان بۆ دانەناون: College, Lord, Siesta, Komsomolze, Kolchose وشەی ئاواش لە ئاڵمانیدا دەورێکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام وشەی وەرگیراو ئەوانەن کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون و لە باری گراماتیک و فۆنێتیکییەوە تا رادەیەکی زۆر خۆیان لە گەڵ زمانی خانەخوێ گونجاندووە و بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئاڵمانیزمان تێیاندەگەن، بە کاریشیان دێنن و بەشێکن لە خەزێنەی وشەی زمانی ئێمە. ئەم وشانە لە باری سینکرۆنەوە دەکری لە سێ بەشدا کلاسیفیکاسیۆن بکرێن: بەشی یەکەم ئەوانەی کە مرۆڤی ئاکادێمی بە کاریان دێنن، تەنیا ئەمانیش بە تەواوی لە مانایان دەگەن. ئەو چەشنە وشانە وشەی گشتین لە زمانی زانستیدا و سەر بە زانستێکی تایبەتی نین. زۆر وشەش هەن کە بە رەچەڵەک ئاڵمانین و ئەم گروپە بەکاریان دێنن ودیسانیش خەڵکی ئاسایی لە مانایان ناگا. فەلسەفەی هایدەگەر (Heideger) کە بە دەگمەن وشەی بێگانەی تێدایە لە هی یاسپێرس (Jaspers) ئاسانتر نییە. کە وابوو ئەم ئیدیعایەی پوریستەکان راست نییە، گوایە وشەی بێگانە زمان دژوار دەکا. ئەو وشانەی هایدەگەر بەکاریان دێنی وشەگەلی گشتی زمانی ئاڵمانی نین بەڵکوو تەنیا ئەوانەی لە بابەتی وەک فەلسەفە شارەزا بن تێیدەگەن. زۆربەی وشەکانی بە کاریان دێنی ریشەیان لە ئاڵمانی کۆن و کۆنی ناوەراستدایە. ئەمانەش شیاوی ئەوەن پێیان بکوترێ (difficult words) ئەو جۆرەی لە وڵاتانی ئینگلیسیزمان باوە. بەشی دووهەمیش ئەو وشانەن کە هی زانست یا پیشەیەکی تایبەتین و هەر ئەوانی شارەزای ئەوبوارانە بن دەیزانن. زۆر وشەش هەن کە دەبێ تارادەیەک خوێندەواری

هەبێ تا بیسەر یا خوێنەر مانایان بزانێ. ئەوی تا رادەیەک شارەزای گراماتیک نەبێ نازانێ گۆرانی دەنگ (Lautverschiebun) لە زماندا چییە حەرفی ئیزافە و (Verhältniswort) و (Lehnbildung) چ مانایە . کە وا بوو تێنەگەشتن لە وشە کێشەیەکی زمانکۆمەڵناسییە و خەتای وشەی بێگانەی تێدا نییە و وشەی خۆماڵیش ناتوانێ کارەکە هاسان بکاتەوە.
دوایین بەش ئەو وشانەن کە وەرگیراون و و زۆربەی ئەوانەی بە زمانەکە دەدوێن تەنانەت ئاشنایییەکی کەمیشیان هەبێ بە کاری دێنن وتێشیدەگەن. ئەمەش چەند نموونە:
Format, formlos, unförmig, formen, Uniform, Reform, Information, Formular, Formel.
ئیتر ئەم وشەیە لە کەنگێوە هاتووەتە زمانەکەوە کێشەیەکی لاوەکی و کەم بایەخە. بۆ وێنە ئەو ژارگۆنە وەرزشییەی لە ئینگلیسییەوە هاتوەتە ئاڵمانییەوە و هە موو کەس تێیدەگا in Form sein کە لە راستییدا لاسایی کردنەوەی ئینگلیسییە بووەتە ئاڵمانی و هەموو کەس لە ماناکەی دەگا. بەڵام زاراوەگەلی وەک formmäßig, Formverlust, Formsteg, Formtraining, وشەی گرووپی مامۆستایانی وەرزش و وەرزشکارن و هەر ئەوانیش بە باشی تێیاندەگەن. زۆر وشەی لەم ساڵانەی دواییدا هاتوونەتە ئاڵمانییەوە کۆمەڵانی خەڵک تێیاندەگەن وبوونەتە بەشێک لە زمانەکەمان: Manager, Babysitter, Hobby, Party, fair, Playboy, و Sex. بەڵام وشەی وەک. Feature, Live-Sendung, Foul, Computer, Disengagement, Ghostwreiter,وشەی تایبەتین و تاقمێک بە کاری دێنن و هەر ئەوانیش تێیدەگەن. وشەگەلی وەک gentelman, image, handicap, undersatment, تەنیا وشەی توێژێکن کە خاوەنی زانیاری زۆرن و تا رادەیەکیش لە گەڵ کولتوری دی ئاشنان (ئەم وشا ئینگلیسییانەش ئێستا بە کارهێنیان لە ئاڵمان زۆر باوە) . لە هەمان کاتدا وشەی وەک Gesittung, Wesenheit, Unfehlbarkeit, Gegebenheit, Gefüge, Gepräge, (هەموویان ئاڵمانین ) هەموو کەس تێیان ناگا جا با بە رەچەڵەک ئاڵمانیش بن.
روانگەی کۆمەڵناسی زمان زۆر گرنگە. بۆ ئەوەی بە باشی وشەی هەر گرووپێکی کۆمەڵ لە زماندا بناسینەوە پێویستمان بە ئامار و لێکۆڵینەوەی زۆر ورد هەیە. ئاواش زۆر سنوور لە نێو زمانی گرووپەکاندا دەمێنێ، کە گشت کات لە گۆراندایە و زۆر وشەش سنور دەپەرێنن. بۆیەش کێشە لەتەک وشەی وەگیراو تەنیا کێشەی کۆمەڵێکی تایبەتییە کە زمان بە مڵکی خۆیان و پاراستنیشی بە ئەرکی سەرشانیان دەزانن.
ئێمە راهاتووین بە زمانێکی لە بواری رێنووس، فۆنێتیک و مۆرفۆلۆگی بە نۆرمکراو بدوێین، بنووسین، بخوێنینەوە و لەسەر بابەتێکیش بەم شێوە بریار دەدەین چاک/ خراپ، راستە / هەڵەیە. زمانی ئاڵمانیماشمان پێ وەک دیاردەیەکی بە نۆرمکراو وایە. ئەمە سادە کردنەوەی کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزە و بەم شێوە لە زمان روانین زۆر پرسیار بێ وەڵام دەهێڵیتەوە. بە تایبەت ئەم بۆچوونە ئەو راستییە لە بەرچاو ناگرێ کە هەر گرووپێکی زانا، یان پیشەساز بە زمانی تایبەتی خۆی دەدوێ کە هەر بەرەو ئیختیساسی بوونیش دەچێ و ئەمەش کاری زمانەوانی ئاسان ناکاتەوە.
جێبەجێ کردنی ئەرکی جیاکردنەوە، لێکدانەوەی زمانناسانە و بیرکردنەوی ئابستراکت دەربارەی زمان تەنیا بە لێکۆڵینەوە لە وشە گشتییەکان مومکین نییە. زانا و شارەزایانی بواری زانست و تێکنیک سەدان ساڵە وشەگەلی تایبەتی خۆیان هەیە و بۆ لە یەکگەیشتن کەڵک و یارمەتییان لە زمانە بێگانەکان وەرگرتووە و وخاوەنی تێرمینۆلۆژی خۆیانن. بۆیەش سەیر نییە هەموو ئاڵمانیزمانێک لە هەموو وشەی تاقمێکی تایبەتی نەگا وتەنانەت لەتەک شێوازی تایبەتی ئەوانە لە نووسین ودوانیشدا نامۆ بێ. بەڵام وێدەچێ لە بەر بڵاوبوونەوەی لە رادەبەدەری ئەدەبیاتی زانستی لە رێگای کەرسەی کۆمینکاسیۆن، کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵک دەستیان بە زۆر سەرچاوەی هەمەڕەنگ لە بواری زانست و تێکنیکدا بگا و ئەو سنوورانەی پێشتر باسکرا بشکێ و یان زۆر روون نەبێ. واتە هەرچەند زمان زۆرتر دەبێتە نووسراوە و دێتە سەر کاغەز یان یەکلایەنە ئینفۆرماسیۆن بە خەڵکی دەگا ( رادیۆ، تەلەویزیۆن) لێکۆڵینەوە لە زمان دژوارتر دەبێ.
ئەوانەی لەسەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە باسی سێڵاوی بە هێزی وشەی بێگانەیان دەکرد، تەنیا لە روانگەی ئێتمۆلۆژییەوە دەیانرانییە کێشەکەوە و لەوە دەگەڕان کام وشە لە کوێوە هاتووە. بەڵام ئەمڕۆ زمانەکە بووە بە ژێر سێڵاوی لە رادە بەدەری وشەی گشتیەوە و زۆر وشە هەن کە خەڵک

تێیانناگەن یانیش بە نیوەچڵی تێیاندەگەن، واتە بە شێوەی پاسیڤ دەیزانن. لە هەلومەرجێکی ئاودا زمانکۆمەڵناسی هێندە ئاسان نییە. هەنووکە کێشە ئەمەیە، نەک وشەی بێگانە.

خوازیارانی زمان خاوێنڕاگرتن پێیان وابوو دەکرێ وشەی زانیاری و تێکنیکی لە ئالمانیەوە وەربگیرێ و خەزێنەی زمانەکە دەولەمەند یا کاملتر بکرێت. بە پێی ئەم پرینسیپە بۆ وشە سازکردن دەبێ روبکەینە زمان و ستراکتێرێکەی خۆمان، بەڵام هیچ زمانێکی ئەم سەر ئەرزە ناتوانێ جوابی پێداوێستی رۆژلەگەڵ رۆژ لە زیاد بوون بە وشە بداتەوە. واتە ئیمە نەک هەر ناچارین وشە وەربگرین، بەڵکو دەبی ستراکتەر و شێوازی گراماتیکیش بە یارمەتی زمانەکانی دیکە بگۆرین و ئەم یارمەتی وەرگرتنە شێوەی وشە تاشین و وشە سازکردنیش دەگرێتەوە. ئەگەر لێرەدا بە وتەی پوریستەکان بکەین ئەوە، زمان لەوەی هەیە ئاڵۆزتر و دژوارتر دەبێ و زۆر وشە مانای لە رادە بەدەر دەگرێتە خۆی. بۆ وێنە وشەی "Geschlecht" مان دەبوو چی لێکردبایە ئەگەر بە یارمەتی وشەی بێگانە(Familie, Dynastie, Generation, Spezis, Genus, Sexus) وردتر،روونتر لق وپۆی بۆ دروست نەکرابایە. زۆر وشەی پۆلیزێم (polysem) هەر ئەم کێشەیان هەیە. بە وشەی وەک , Gesellschaft, Verein, Gruppe, Gemeinschaft, gemeinde دەکرائاڵتێرناتیوێکی جیدی بۆ ,sozial, Soziologie, Sozialismus, Kommunismus, Kommunal, Partei, Zirkel, Club, Team, Party بدۆزینەوە.

هیچ زمانێکی کولتوری ناتوانێ بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتن تەنیا پشت بە ریشە و ستڕاکتەری وشەسازی خۆماڵی ببەستێ. زۆر جار دەگوتری وشە و ستڕاکتەری زمانی بێگانە نامۆیە و لە روانگەی " سێمانتیک " -ە وە کێشە ساز دەکاو ئەوانی ئاڵمانی بەهێز و لەبارترن. گۆیا هۆیەکەشی ئەوەیە یەک ریشە و سەرچاوەیان هەیە. یان دەگوترێ وشەی بێگانە هەموو کاتێک دەناسرێتەوە. لە وانەیە ئەم روانگە دیاکرۆنییە هەندێک لایەنی راستی تێدا بێ و زۆر وشەی بێگانە هەر بە نامۆیی دەمیننەوە وزۆر جاریش ناکرێ وشەی نوێیان لێ دروست بکرێ، بەڵام زۆر وشەی ئاڵمانیش ئەم کێشەیان هەیە. بەڵام زۆر وشەی بێگانە بۆ وێنە Problem, Balkon, Hobby دەکرێ لەتەک وشەی دیکە لێک بدرێن و لە روانگەی زمانەوانییەو بەرهەمهێنەرن. بۆ زۆرینەی ئاڵمانیەکان نەناسراون. Automobil, Autogram, Automat, بەڵام ئەوانی تا رادەیەک شارەزای زمان بن یان خوێندنی باڵایان هەیە بە ئاسانی لەم وشانە دەگەن و دەکارن هی نوێشیان پێ دروست کەن.

زۆر وشەی بێگانەش بەرهەمی شارەزایانی بواری تیکنیک و زانستین کە راستەوخۆ پێوەندییان لەتەک زماننناسیدا نییە: Autobiographie, autochthon, Autodidakt, Autograph, Autokratie, Autonomie, Autopsie, Autotypie.

و زۆر وشەی لەم بابەتەش کە بە Auto یان auto دەست پێدەکەن.ئەم تێگەیشتن و لێزانینەش لەبەر ئەوە نییە ئەو مرۆڤانە یۆنانی کۆن دەزانن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە لە ماوەی کار و ژیانیاندا زۆر سەر و کاریان لەتەک وشەی وادا بووە کە بە auto دەست پێدەکا و لە کاتی پێویستدا خۆشی بۆ سازکردنی وشەی نوێ کەڵکی لێ وەرگرتوە. ئەم "auto"یە بووەتە لێکسێم لە ئاڵمانیدا و خاوەنی واتای تایبەتییە. بایەخی ئەم وشەیە لەوەدا نییە کە خەڵک دەزانن لە یۆنای کۆنەوە وەرگیراوە، بەڵکوو لەوەدایە وشەی نوێی پێ دروست دەکرێ.

ئەمە و بەشێکی تر کە لە لاتین وەرگیراو و بە تەنیا زۆر جار مانایان نییە، بۆ وێنە -re لە Restaurant, Reklame, Religion, Revolution, Revolver, Respekt, referieren, Register, registrieren. ئەمانە بەشێکن لە وشەێ گشتی زمانی ئاڵمانی و عەوام لە مانایان دەگەن بەڵام نازانن چۆن ئەم وشانە دروست بوون و لە کوێوە هاتوون. بەڵام هەر ئەو " re " یە لەم وشانەدا Rekonstruktion, Reproduktion, Remilitarisierung بزوێنەرن و بە مانای "دیسان یان دووبارە" بە کار دێن. کە وابوو بە یارمەتی فێعل (فەرمان) re دەورێکی دیکە دەبینێ و ئەوی لاتینیش نەزانێ لە ماناکەی دەگا. وشەی Produktion, produzieren, Produkt, produktiv, Konstruktion, konstruieren, Organisation, organisieren, Militarisierung, militarisieren, Militär بۆ ئەوانەی بە ئاڵمانی دەدوێن مانایان روونە و " re " ش تەنیامانای دووبارە یان دیسان بەوان دەبەخشێ. هەر دوو بەشی وشەکان بوونەتە لێکسێم لە ئاڵمانیدا، با بەشی یەکەمیان بزوێنەریش نەبێ. هەندێک وشەش هەن نیوە بزوێنەرن: restaurieren, renovieren, revidieren,

11

reklamieren, rehabilitieren. ئەو وشانەش بەشێکن لە زمانی گشتی ئاڵمانی. کە وابوو وشەی بزوێنەر، نەبزوێنەر و نیوە بزوێنەرمان هەیە. بە لێکۆڵینەوەی دیاکرۆنی و بە ریشەداچوونەوەی ئەم وشە بێگانانە و هەلسەنگاندنیان لەتەک ستڕاکتەری وشەسازی ئاڵمانی و تەنانەت چاو پێداخشاندنەوەی ئەو زمانانەی ئەم چەشنە وشانەیان لێ وەرگیراوە ناکرێ وەڵامی پرسیاری چۆنیەتی شێوەی دارشتنیان لە زمانی ئاڵمانی هاوچەرخدا بدەینەوە. ئەو سوفیکسانەی وەریشگیراون زۆر نەناسراون. ئانگلیست و زانای زمانەوانی هانس ماخاند (Hans Machand) کە باشترین کتێبی دەربارەی چۆنیەتی وشەداڕشتن لە زمانی ئینگلیسیدا نووسیوە، دەربارەی وشە داڕشتن لە ئاڵمانیدا دەنووسێ: "لەبەر دیاکڕۆنی روانین بۆ سەر وشە لە ئاڵمانیدا زۆربەی وشەی وەرگیراو لە کتێبی گڕاماتیک و لینگویستیکی ئاڵمانیدا بایەخێکی ئەوتۆیان نەدراوەتێ. ئەم بایەخنەدانە تەنانەت ئەو بابەتانەش دەگرێتەوە کە باسی وشەسازییە". ئەمەش لە بەر ئەوەی وشەی بێگانە بە شێوەی زڕدایکانە رەفتاری لەتەک دەکرێ. بۆ وێنە والتێر هێنتسن (Walter Henzen) لە کتێبی وشەسازی ئاڵمانی (Deutsche Wortbildung) دا تەنیا لە لاپەڕەیەکدا لە ژێر سەردێری Personalbezeichnungen mittels fremder Suffixe باسی چەند وشەیەک دەکا کە بە ist, -ant, aster, ian, ikus کۆتاییان دێ، بێ ئەوەی ئاماژە بە بایەخی ئەم کەرەسانە بۆ وشەسازی لە ئاڵمانی هاوچەرخدا بکا. تەنانەت باسی جیاوازی لە نێو ئەو وشانەشدا ناکا ، کە بە ant کۆتاییان دێ و هەندێکیان لە ئاڵمانیدا نەبزوێنەرن:

Adjutant, Bacchant, Pedant, Sergeant, Leutnant.

ئەم وشانەی دیکەش Gigant, Trabant, Garant, Elefant, Restaurant, Dimant, کە هەر بە ant کۆتاییان دێ هەر نەبزوێنەرن، بەڵام رەچەڵەکیان جیاوازە و لە وشەتاشینی زمانی ئێمەدا هێندە گرنگ نین. بەڵام ئەم وشانەی خوارەوە کە هەر بە ant کۆتاییان دێ جیاوازن و لێکسێمی ئاڵمانین.

| | | |
|---|---|---|
| Gratulant | لە تەنیشت | gratulieren, Gratulation |
| Emigrant | لە تەنیشت | emigrieren, Emigration |
| Demonstrant | لە تەنیشت | demonstrieren, Demonstration |
| Repräsentant | لە تەنیشت | repräsentieren, Repräsentation |
| Spekulant | لە تەنیشت | spekulieren, Spekulation |
| Intrigant | لە تەنیشت | intrigieren, Intrige |
| Musikant | لە تەنیشت | musizieren, Musik |

لێرە و لە زۆر حاڵەتیکەشدا ئەم سوفیکسانە وەک سۆفیکسی کۆنی ئاڵمانی کە هێرمان پاول (Herman Paul) باسیان دەکا بەرهەمهێنەرن و شیاوی ئەوەن وەک نموونەی وشەسازکردن لە زمانی هاوچەرخی ئاڵمانی لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ. تەواوی ئەو وشانەش لە سەر نموونەی ``X+/ieren`` و ``X+/ant/ دروست دەکرێن.

بەڵام ئەم فۆرمولەلەتەک Intendant و intendieren نایەتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە شیوەی هەوەڵ و دووهەمی لە دوو کاتی جیاوازدا هاتوونە نێو ئاڵمانییەوە و ماناکەیان هیچ پێوەندییان بە یەکەوە نییە. لە روانگەی سێنکرۆنییەوە دوو لێکسێمی جیاوازن. دابەشکردنی وشە و سترِاکتەری وەرگیراو بە دوو دەستەی بزوێنەر، نەبزوێنەر و بە نەحلەت کردنی نەبزوێنەرەکان لە بەر ئەوەی لە باری سێمانتیکەوە کەمتر خۆ دەگونجێنن، یان بۆ وشە سازکردن لە وانی خۆماڵی لاوازترن هەڵەیە. ناسینەوە یان نەناسینەوەی وشە ناشبێتە هۆی روون نەبوونی مانا. زۆر وشەی بە رەچەڵک ئاڵمانیش بزوێنەر نین (Tisch, Lied, Angst) بەڵام ئەوە لە کارامەیی سێمانتیکیان کەم ناکاتەوە و جێگاشیان لە ئەنباری وشەدا پێ تەنگ ناکا.

زۆر وشەی بزوێنەریش مانایان هەڵەیە ( Personenzug, Aschenbecher, Bierdeckel, Fahrstuhl) لە روانینێکی سەرپێیدا مانای ئەم نێوە لێکدراوانە (compound) بۆ ئەوانەی نەشیانبیستبێ روونە، بەڵام مانای راستەقینەیان ئەوەیە کە لە نێو خەڵکیدا باوە. ئەم بە رواڵەت بزوێنەرانەش هیچ گرفتێک دروست ناکەن. بۆیەش ناکرێ بڵێین ئەو وشە نەبزوێنەرانەی لە زمانەکەماندا جێی خۆیان کردوەتەوە بۆ ئەوانەی کەمتر شارەزای زمان و نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوارن لە وانی بزوێنەر و کۆنە ئاڵمانی کە وشەی نوێشیان لێ ساز دەکرێ ( ,Bürgersteig Kraftwagen) نامۆترن و مانایان لێڵترە، یان کێشەی سێمانتیک دروست دەکەن.

ئەو بە رواڵەت کێشانەی زۆر جار بەر چاو دەکەون ، وەک لە نێوان Anschrift/Adressieren یان Kernwaffen/nuklear/atomar ئەوە ناگەیەنێ ئەم وشانە بایەخیان کەمە یان لە بواری واتاییەوە لە ( beanschriften, kernwaffenmäßig ) لاوازترن.

بەو شێوەێ سێنکرۆنی بە وشەدا چوونەوە و ناسینەوەیان بە هۆی بزوێنەر بوونیان تەنیا لە هەندێ بواردا یارمەتیدەرن و هەموو ئەو نیشانانە زمان پێکدێنن ناگرێتەوە، بۆیەش بایەخی موتڵەقی نییە. مرۆڤ لە رێگای ئێتمۆلۆگییەوە فێری وشە نابێ بەڵکوو لە رێگای پیوەندی گرتن لەتەک یەکدا. واتە لە رێگای چەشنیک تەجرووبەوە. خەڵکی بە بێدەنگی ئەم نیشانانە وەردەگرن و دەیکەن بە کەرەسەیەک بۆ لێک تێگەگەیشتن

زۆرینەی خەڵکی کە بە زمانێک دەدوێن بۆی گرنگ نییە ئەو وشەیە بۆ وایە و جۆرێکی دیکە نییە واتە ئەو کۆمەڵەی زمانێکی هاوبەشی هەیە بە هۆی ئە واقیعەتە زمانییەی هەیە پێکەوە دەلکێن نەک ئەوەی دەبێ ببوایە. هەر وشەیەکیش بە شێوەیەک لە گەڵ وشەگەلی تایبەت لە پەیوەندی دایە و دەکرێ بڵێین تەنیا دۆست و هەواڵی بەشێکی تایبەت لە وشەی زمانەکەیە. دەبێ لە لێکۆڵینەوەی وشەدا تەنیا بایەخ بەگرنگی مانا و روانگە کۆمەڵایەتییەکەی بدرێ. ئەوە وشەی بێگانە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا دەگرێتەوە و نابێ ئایدۆئۆلۆجی پوریسم بەر چاومان بگرێ.

گرنگ ئەوەیە لە هەڵبژاردنی وشەی بێگانەدا گشت کات ئەو پرسیارە بکەین کێ ئەم وشانە دەبیسی یان دەیانخوێنێتەوە و ئایا ئەو مەبەستە دەگەیەنن کە وێژەر یان نووسەر خوازیاریەتی. واتە ئەوەی لە سەرەتادا باسمان کرد: گرنگ زمانکۆمەڵناسییە.

زۆر کەسیش بۆ خۆنواندن، خەڵک فریودان وشەی بێگانە بە کار دێنن. دژایەتی لەتەک دیاردەی وەهادا کاری ئەو کسانەیە کە زمان فێری خەڵکی دەکەن، یان رەخنەگری زمانەوانین.

لە سەردەمێ کە راگەیەنەرە گشتییەکان لە سەر هەموو بواری ژیان شوێنی خۆیان دادەنێن، راهێنانی شێواز (style)ی باشی زمان لە رەشبینی و دژایەتی لەتەک وشەی پێویستی زانیاری و تێکنیکی زۆر پێویستترە.

<u>تێبینی وەرگێڕ</u>

1 نووسەری ئەم وتارە ( **Peter von Polenz** ) ساڵی 1928 لە باوتسن لە ئاڵمان لە دایک بووە و مامۆستایی زمانەوانی و ئەدەبی ئاڵمانی لە چەند زانستگای ئاڵمان بووە ودەیان کتێب و بابەتی لەسەر مێژووی زمانی ئاڵمانی و لایەنە گشتییەکانی زمانەکە نوسیوە و چەندین خەلاتی وەرگرتووە .

2 ئەم بابەتە لە27 ی ئۆکتۆبری 1966 لە کۆنگرەی گێرمانیستەکان لە شارێ مۆنیخ خوێنراوەتەوە و بە هەندێ گۆڕانکرییەوە لە گۆڤاری زمانی دایکی (زگماکی؟ ) ژمارەی 80-65 ساڵی 1967 بڵاو کراوەتەوە. سەرچاوە: ئینتێرنێت.

تکایە هەر تێبینی یان رەخنەیەکتان هەیە بنێرن:

rahim@alice-dsl.de

## سەرچاوەکانی نووسەر


1 Vgl. J. Beranek, Jiddisch, in: Dt. Philologie im Aufriß, Bd. I, 1957, Sp. 1955 ff.

2 Vgl. F. Kluge, W. Mitzka, Etymologisches Wörterbuch der dt. Sprache, *18* 1960; Duden-Etymologie, 1963: H. Küpper, Wörterbuch der dt. Umgangssprache, 3 Bände, Hamburg 1955-1964.

3H. L. Koppelmann, Nation, Sprache und Nationalismus, Leiden 1956, S. 97, 98.

4 D. Sternberger, Gute Sprache und böse Sprache, in: Neue Rundschau 74, 1963, S. 403 ff. - Dazu P. v. Polenz, Sprachkritik und Sprachwissenschaft, ebda S. 391 ff.; P. v. Polenz, Sprachnorm, Sprachnormung, Sprachnormenkritik, in: Linguistische Berichte 17, 1972, 76-84.

5 Vgl. B. Quadri, Aufgaben und Methoden der onomasiologischen Forschung, Bern 1952.

6 F. de Saussure, Cours de linguistique générale, Lausanne-Paris 1916; deutsche Übersetzung: Grundfragen der allgemeinen Sprachwissenschaft, Berlin 1931.

7 Herausgegeben von W. Stammler, Bd. I, Berlin *2* 1957.

8 J. Trier, Der deutsche Wortschatz im Sinnbezirk des Verstandes, Bd. I, Heidelberg 1931, Einleitung.

9 W. Porzig, Wesenhafte Bedeutungsbeziehungen, in: Beitr. z. Geschichte d. deutschen Sprache u. Literatur 58, 1934, S. 70ff.

10 Fr. Dornseiff, Der deutsche Wortschatz nach Sachgruppen, 1934, Einleitung; ders., Das Problem des Bedeutungswandels, in: Zs. f. deutsche Philologie 63, 1938, S. 119ff.

11 W. Mitzka, Deutscher Wortatlas, Gießen 1952 ff. (1938 begonnen).

12 L. Weisgerber, Die Bedeutungslehre, ein Irrweg der Sprachwissenschaft?, in: German.-Roman. Monatsschrift 15, 1927, S. 177 ff.

13 W. Betz, Der Einfluß des Lateinischen auf den ahd. Sprachschatz, I, 1936; ders., Die Lehnbildungen und der abendländische Sprachausgleich, in: Beitr. z. Geschichte d. deutschen Sprache u. Literatur 67, 1944, S. 275 ff.; ders.. Deutsch und Lateinisch, 1949. - Zur Forschungsgeschichte allgemein s. o. Reichmann, Germanistische Lexikologie. Stuttgart 1976.

14 Vgl. R. H. Hill, A Dictionary of difficult Words, New York 1959; A. Thomas, Dictionnaire de difficultées de la langue francaise, Paris 1956; M. Seco, Dictionario de dudas y difficultades de la langue espanola, Madrid 1961.

15 "Vor allem aber kommt das entlehnte Wort nicht mehr als solches in Betracht, sobald man es im Rahmen des Systems untersucht; es besteht nur durch sein Verhältnis und seinen Gegensatz zu den Wörtern, die mit ihm assoziiert sind, ganz ebenso wie jedes beliebige einheimische Zeichen" (F. de Saussure, a.a.O., S. 26). - Vgl. auch das Kapitel Interference in Speech and Language bei U. Weinreich, Languages in Contact, 1964, S. 11 f., dt. Übers., 1977, S. 27ff.

16 Vgl. jetzt M. Clyne, Forschungsbericht Sprachkontakt, Kronberg 1975, Kap. 2.3: Integration; G. Schank, Vorschlag zur Erarbeitung einer operationalen Fremdwortdefinition, in: Deutsche Sprache 2/1974, 67-88.

17 L. Weisgerber, Das Fremdwort im Gesamtrahmen der Sprachpflege, in: Muttersprache 70, 1960, S. l ff.

18 An anderer Stelle, wo er sich nicht an die Sprachpfleger wendet (Grundzüge der inhaltbezogenen Grammatik, 1962, S. 64 ff.), untersucht Weisgerber das Wortfeld der Verwandschaftsbezeichnungen ausführlich synchronisch-strukturell und nennt die Entlehnung von Onkel und Tante eine "geschichtliche Entwicklung der Weltansicht der deutschen Sprache" und die neue Feldgliederung eine "geistige" oder "muttersprachliche Zwischenwelt"; es ist hier nicht die Rede davon, daß diese Wörter 'Fremdwörter' seien, ihre Entlehnung 'schädlich' sei und alte Wurzeln dadurch ihre "Lebenskraft verloren" hätten.

19 Man könnte sie auch 'Gastwörter' nennen nach einem Vorschlag von Th. Steche, Neue Wege zum besseren Deutsch, Breslau 1925, S. 27ff

20 Muttersprache 49, 1934, Sp. l ff.

21 Vgl. B. Carstensen, Englische Einflüsse auf die deutsche Sprache nach 1945, Heidelberg 1965; B. Carstensen - H. Galinsky, Amerikanismen der deutschen Gegenwartssprache. Entlehnungsvorgänge und ihre stilistischen Aspekte, Heidelberg 1963; F.u. I. Neske, Wörterbuch englischer und amerikanischer Ausdrücke in der deutschen Sprache, München 1970.

22 H. Marchand, The Categories and Types of Present-day English Word-formation, Wiesbaden 1960.

23 H. Marchand, Synchronic Analysis and Word-formation, in: Cahiers F. de Saussure 13, 1955, S. 7ff.

24 Tübingen *3* 1965, S. 168.

25 Prinzipien der Sprachgeschichte, Halle 1920, S. 106 ff.

26 H. Marchand, a.a.O.; P. v. Polenz, Wortbildung, in: H. P. Althaus - H. Henne - H. E. Wiegand, Lexikon der germanistischen Linguistik, Tübingen 1973, 145-163, bes. 151 ff.

27 A.a.O., S. 156 ff.